## خۆزیاکانم

## ئەحمەد دەشتی

دڵی برین و ئازارانم
هێندە پڕە و تەژی ژانە
وا هەست دەکەم
ئەم جیهانەم هەمووی
شەوی تاری وەک قەقنەسە و
ژیان تیا هەر گریانە
هەرچی کەوا من دەبینم
سالەهایە وەدی دەکەم
تەنیا دەرگەی ئازارانە
والا دەبێ و لە ڕووی منا دەکرێنەوە
ئارەزووەکان لەم دڵەی من
خۆ دەنوێنن و دەردەکەون
هەتا ئێستا بێ هەتوانن
دەڵێم خۆزیا مەلێ دەبووم
پەروازپەرواز
لە ئاسمانان دەخولامەوە
بە سەربەستی بەرە و
بەرزی ئەو حەوایە باڵم دەکوتا و
ڕەها دەبووم
ئەم جیهانە پڕ غەوغایەی
تەژی برین و خەمەکانم
بۆ هەمیشە بەجێ دەهێشت
لەو ترۆپک و لەوسەرانە
بۆ هەتایە ئۆقرەم دەگرت
چیتر بەرە و جیهانی خەم
بۆ هەتایە نەهاتبامە وە و
لە ترۆپکەکان ئارامیەکان
بۆ هەتایە هاوڕێم دەبوون
بەڵام داخم لەوساوەی هەم
نەبوو جارێ هیواکانم ودی بێن و
قەت نەمتوانی کەوا دەمێ
پەرواز بکەم ، وەیا جارێ
بە ئارەزوو و خۆزیام بگەم

ڕاستە دەڵێن کەوا بریا
دارێکی زۆر وشک و برینگە و
قەت بەر ناگرێت
گەلێ جاران دەلێم بریا
ڕۆژانی زوو هاتبایەوە و
رژۆگارانی منداڵی خۆم بدیباوە !!
نەهامەتی و ڕەنج و جەفای
ئەم تەمەنەم ئاوا هەرگیز نەدیبایە
لە ناخم دا ئاخەکانی ساردو سڕم
دین و دڵم تەی دەکەن و
لە تاریکی شەوی تارا
نا ئومێدیەکان ڕێم لێ دەگرن
بە چڕنووکی پڕ گوناهیان
هەموو جەستەم دەڕنێنەوە
بەڵام ناگەن بە تەهی دڵ
لە ناخم دا هەلیان دەبڕم
لەوبەری دوور خۆ دەنوێنن
لە ناو خانەی خەیالم دا
جەفاکانیش گشت تووڕ دەدەم
خۆرەتاوم دەردەکەوێ
ئەستێترەکان دێنە دەرێ
لە ناو شەوی تارو زوقم
لە بەر چاوم جوان تەی دەکەن
لە پێدەشتی برینانم
ڕۆناکیەکان پرشنگ دەدەن
لە هامۆنی خەیاڵاتم خۆ دەنوێنن
خۆری جوان و تاوی ڕوونم
لەو بەرزاییە وەدی دەکەم
ئەوسا دێم و هەل دەستمەوە
لە تەک خەم و ئازاراندا
گشت پەنجەرەی گالە دراوم
بۆ هاتنی تیشکی بەیان
بۆ هەتایە والا دەکەم
*